# چەند كورتە سەرنجێك لەسەر هەڵبژاردنەكانی عێراق

عەلی مەحمود محەمەد

## سستانی و هەڵبژاردن

سیستانی خەڵكی زاهیدانە و لە ساڵی 1952 ەوە لە نەجەف نیشتەجێیە , نازناوەكەی لە یەكێك لەهەرێمەكانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوەیە , لەبەر عێراقی نەبوونەكەی لە هەڵبژاردندا دەنگی نەدا , بەڵام هاوكات گەورەترین یاریكەی ئەم هەڵبژاردنە بوو , وێنەكەی چووە سەرسەدان هەزار لافیتەو پۆستكاردی هەڵبژاردن , مۆركی خۆشی نا بە دامەزراندنەوەی كۆماری پێنجەم لە عێراقدا . ئەندازییاری یەكخستنی شیعەكان و گەیشتنییان بوو بە ترۆپكی دەسەلات , ئەو دەسەڵاتەی لە ئەنجامی بەشداری نەكردن لە هەڵبژاردنەوە پێش 83 ساڵ لەمەوپێش لێی دورخرانەوەو بە پەراوێزكران , بۆیە ئەو بێ دەنگدان و خۆ پاڵاوتن قارەمان و براوەی یەكەم بوو لە هەڵبژاردنەكانی عێراقدا .

سیستانی حەرامی كردووە پیاوانی ئاینی هیچ پلەیەك لە دەوڵەتدا وەرگرن , بە پێچەوانەی ئێرانەوە , كە پیاوانی ئاین هەموو لایەنەكانی دەسەڵاتدارییەتییان كۆنترۆڵ كردووە , تەواوی دەزگاكانی ورد و درشتی ئێران عەمامە لەسەرە ڕەش و سپییەكان بەڕێوەی دەبەن . هەرچەندە سەید قاسم خوئی كە سیستانی پەیرەوی لێدەكات باوەڕی بە دەسەڵاتی ولایەتی فەقێ نییە , بەڵام كە قسەوباس لە دامەزراننی ولایەتی فەقێ دەكرێت سیستانی بێدەنگی لێدەكات , ئەم چەند مانگەی دوایین چەندین جار هاتە بەر باس و گفتوگۆ , بێدەنگیش هەردوو ماناكە دەبەخشێت بەتایبەت ڕازی بوون زیاتر .

مەرجەعییەت دەوڵەمەندترین دەزگایە لە وڵاتدا , داهاتی ساڵانەی شوێنە ئاینییەكان خۆی لە 2 ملیار دۆلار دەدات , سەرباری هێزی گەورەی مەعنەوی , توركمانە شیعەكان و فەیلییە كوردەكانی كەرت كرد و لە نەتەوەكەی خۆیان دایانی بڕی . خمسی بەیت والمال و مزگەوت و حوسەینییەكان و كۆمەڵە خێرخوازییەكان و وەقفێكی زۆری لەبەر دەستدایە , دەسەڵاتی لە شێوەی دەسەڵاتی ڤاتیكانە , لە ڕوی ئاینییەوە كاریگەری بەسەر شیعەكان زۆر زیاترە لە كاریگەری ڤاتیكان بەسەر كاسۆلیكەكانەوە , ئەمەش بەهۆی كاڵبونەوەی ئاین لەناو كریستانەكاندا . بۆیە مەرجەعییەت هێزێكی گەورەی ئاینی , ئابوری ,فەرهەنگی, سیاسی یە , قەوارەی دەسەڵاتی لە دەرەوەی كۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندیدایە , شیعەكان زیاتر پەیرەو لە جێبەجێكردنی بڕیارەكانی مەرجەعییەت دەكەن نەك دەوڵەت . تاكە ڕێگایەك بۆ كەمكردنەوەی دەسەڵاتی ئەوەیە خودی ئاینەكە كاڵ بێتەوە لە ناو جەماوەر و متمانە لە دەست دەن وەك ئێستای ئێران , ئەمساڵ عاشورای تاران لاوازترین و كەم ڕەنگترین عاشورای شیعەكان بوو لە جیهاندا .

## چەپ و دیموكرات و لیبراڵەكانی عێراق هەڵەكەی ئێران دووبارە دەكەنەوە ؟؟؟؟

خومەینی لە ئێران لە ژێر بەرگی دژایەتی ڕۆژئاواوە هاتە پێشەوە , بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی كەڵكی لە لیبراڵەكان وەرگرت , لە بەختیارەوە بۆ بازرگان وسنجابی و داریۆش فرۆهەر وتودەو ئەكسەرییەت و بەنی سەدر و موجاهدین و ... هتد , كە دەسەڵاتی چەسپاند كۆتاییەكەی بە لێدانی ئەو لایەنانە گەیشت , تارو مارییانی كرد , زیندانی ئەڤینی كردە گەورەترین قەتڵگا لە جیهاندا . فتوای جیهاد دژ بە گەلی كوردیشی گرتەوە كە پێشتر پەیمانی پێ دابوون كێشەكەیان چارەسەر بكات .

عەبدولعزیز حەكیم ووتی: حكومەتی ئایندە بە تەوافق دەبێت ؟؟ . تەوافق لە سیاسەتدا مانای چییە؟؟ . مانای ئەوە بە ناچاری واز لە هەندێك داواكارییەكانمان وەك تاكتیك دەهێنین بۆ داهاتوو هەڵیدەگرین , كەی بەهێز بووین ئەوجا داوایان دەكەین , بۆیە تەوافوق لەگەڵ ئیسلامییە شیعەكان جگە لە هەڵكەندنی گۆڕی خۆ بە دەستی خۆ هیچی كە نییە. شیعەكان لەم ڕاكێشانی تەوافقەدا ئەگەر سەركەوتوو بن داخوازی زیاترییان دەبێت بۆ ئایندە , هەنگاوی دواتری شیعەكان داسەپاندنی حوكمی شەریعەت و ولایەتی فەقێیە , واتە بە ئێران كردنی مۆدێلی دەسەڵاتە لە عێراق .

هەرچەندە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە زێڕیین ترینە بۆ ئەوان چونكە لە داهاتوودا ئەنجامەكانی هەڵبژاردن بەم شێوەیەی ئێستا ناكەوێتەوە , نە عەرەبی سونە وا بە بێهێزی دێنە پێشەوە كە ئێستا لە خۆ ئامادە كردندان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو , نە فتواكان ئەم ڕەونەقەی ئێستایان دەمێنێت و بەشێك لە گەمەكانی ئاشكرا دەبێت , نە هێزە عەلمانی و دیموكراتییەكان دەنگەكانییان بەم شێوەیەی ئێستا پەرتەوازە دەبێت لە دەیان لیستدا و دەفەوتێت , هەموو هێزی خۆیان تاقی كردەوە دەگەنە ئەو ئەنجامەی بۆ بەفیڕۆ نەدانی دەنگەكان لیستەكان كەمكرێنەوەو هاوپەیمانییەتی دروست كەن . بۆیە لە پەرلەمانی داهاتوو نە لیستی شیعە و نە لیستی كورد ئەو قەبارەیەی ئەم جارەیان نابێت , كورد لەو هەمەڕەنگییە سیاسییە قازانجە كات و شیعەش بەهۆی ئەوەی خولییای دەسەڵاتە لە خەونەكانی دوورە كەوێتەوە .

## لیستی یەکگرتوی شیعە

ئەم لیستە وەك ئەركی ئاینی بەشێكی زۆر لە شیعەكان دەنگییان پێیدا , نەك وەك بەرنامەو كارنامەی پارت و لایەنەكان ناوی , كوڕەكەی سیستانی ووتی : ئەوەی ئەم لیستە هەڵنەبژێرێت ڕۆژی قیامەت لێی دەپرسنەوە . ئەو فتوا دژ بە لیستەكان دیكە دەرناكات , چونكە لادانە لە یاسا و دەكەوێتە بەر لێپرسینەوە , بەلام دەنگدەر ناچار دەكات ئختیاری دیكەی لەبەردەمدا نەبێت بۆ هەڵبژاردن , تەنها لیستەكەی ئەوان نەبێت . خەڵكانێك 35 ساڵە تەنها بەعس و مەرجەعییەت و مزگەوت و حوسەینییەیان لە بەردەستدا بووە , ئەم هەڕەشەیە دەیان ترسێنێت . هاوكات نابێت ئەوەلە یاد بكەین شیعە لە عێراق وەك شیعە چەوساونەتەوە , بۆیە عاشقی ئەوەن وەك شیعە ڕزگارییان بێت , لە كۆتاییدا شیعە بوون و بە شیعە ڕزگاربونەكەیان كە دەگات بە دەسەلات بێ مانا دەبێت وەك ئێستای ئێران . ئەگەر لە پەنجاو شەستەكاندا بیری نەتەوەیی عەرەبی بەشێوەیەكی لاواز لەناو خوێنەوارانی شیعە بلاوببوەوە , زۆری سەركردەكانی بەعس شیعە بوون , ئەوا ئێستا كەمترین ئینتما لە ناو شیعەیا بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبییە , هاوكاتیش بۆ شیعە توركمانەكان و فەیلییەكان هەڵبژاردن ئەمەی سەلماند , زۆرترینییان دەنگییان بە لیستەكەی سیستانی دا , نەك لیستی كوردی و توركمانی .

لەسەردەمی بەعسدا محەمەد باقر سەدر و محەمەد قاسم خوئی كوژران , سیستانی هیچ كاردانەوەیەكی نەبوو و بێدەنگی هەڵبژارد , دەستی گرت بە كلاوەكەی خۆیەوە بای بەعس نەیبات , تەنانەت محەمەد قاسم خوئی مەرجەعی خۆی بوو هێنرایە سەرشاشەی تەلەفزیۆن بە زەلیلی نیشان درا لەگەڵ سەدام , محەمەد صادق سەدر باوكی موقتەدا كوژرا دیسانەوە نقەی نەكردەوە , وولات داگیركرا لە لایەن سوپای ئەمەریكاو ئینگلیزەوە جارێكی كە بێدەنگی هەڵبژارد , ئەمە وای كرد تاوانبار بكرێت بە نۆكەری بۆ ڕۆژئاواش .

فتوا لەناو مەزهەبی شیعەیا شوێن خۆی هەیە , هەرچەندە ئێستا لە ئێران كاڵترین شت فتوای مەلاكانەو ناتوانێت ئەو كاریگەرییەی هەبێت لەسەر شەقام وەك لە عێراق و لوبنان و پاكستان هەیەتی .

ساڵی 1891 ئایەتوالله محەمەد حەسەن شیرازی لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەكانی ئێرانی فتوای تەحریمی جگەرەی دژ بە كۆمپانیاكانی توتنی ئینگلیزی دەركرد , كە ئەوان هەرەسییان هێنا , فتواكەی هەلگرت , فتوای تەحریمی كێشانی جگەرە لە زیانی جگەرەوە نەبوو بەڵكە لە بەرژەوەندی سەرمایەدارانی ئێرانییەوە بوو , بەلام ئێستا گەورەترین مەرجەعی شیعەی ئێرانی ناتوانێت بە فتوا كێشانی تریاك و خواردنەوەی ویسكی قەدەغەبكات .
كە لە دەسەلاتدا دەبن زیاتر كەم و كورییەكانییان دەردەكەوێت , زیاتر كەلێن دەكەوێتە نێوان داخوازەكانی ڕۆژ و شەرعەوە , لە ئێران مەلاكان تووشی كێشەی چارەسەركردنی كشت و كاڵ و مافی سانديكايی و مافی ژن و چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی و دەیان كێشەی كە بوونەتەوە و ناتوانن لە چوارچێوەی شەرعدا چارەسەرییان بۆ بدۆزنەوە , چونكە هیچكام لەو داواكارییانە لە ئیسلامدا نییە . بۆیە لەگەڵ تێپەڕ بوونی كات كەلێن لە نێوان جەماوەر و قوم گەورەتر دەبێتەوە , هەر هەڵبژاردنێكی ئازاد لە ئێستای ئێران ئەنجام بدرێت ئەوا چارەنوسێكی ڕەش چاوەڕوانییان دەكات , دەیان هەزار سیستانیش ناتوانێت كورسییەكانییان بپارێزێت .

## ئایا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق دادەمەزرێت ؟؟؟

عێراق لە ڕوی پێكهاتەی ئاینی و نەتەوایەتییەوە , پێكهاتەیەكی وای هەیە نەتوانرێت هیچ ئاین و مەزهەب و نەتەوەیەك بتوانێت بە تەواوی كۆنترۆڵی بكات , چ بە دەنگدان یان بە كودەتا , 35 ساڵ سەدام ویستی دەسەلاتی عەرەبی سونە داسەپێنێت , لە ماوەی دەسەلاتییدا سەرباری كوشتاری بە كۆمەڵی بێ وێنە , هەموو كات بەرەو ڕوی نارەزایەتی توند دەبوەوە . ئێستاش شیعەكان ناتوانن دەسەلاتی مەزهەبی خۆیان بسەپێنن بەسەر عێراقدا , هەر بۆیە لەم قۆناغەدا وازییان لە بیرۆكەی دەوڵەتی ولایەتی فەقێ هێناوە لە عێراقدا , گرنگترین ئەو هۆكارانەی ڕێگرن لەبەردەم بوونی عێراق بە وولاتێكی ئیسلامی ئەمانەی خوارەوەن :

- شیعەكان لە ناو خۆیاندا دابەش بوونە بەسەر تەوژمی سیاسی جیاجیا ( ئیسلامی, دیموكراتی , كۆمۆنیست , لیبراڵ, نەتەوەیی), تەواوی تەوژمەكانی دەرەوەی ئیسلامی سیاسی دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیین , ئەوانەشی لەم قۆناغەدا دەنگییان داوە زۆرییان بۆ شیعە دەنگییان داوە نەك بۆ دەوڵەتێكی ئیسلامی .
- لە عێراقدا بەهۆی ئەوەی شیعەكان دابەش بوونە بەسەر دوو مەرجەعییەتی سامتەو ناتقە , دەبینین بەشی دووەمیان گەمەی داكۆكی لە مافی هەژاران یاریە كات .

ئەوان داوای چارەسەری برسێتی و نەبوونی ئاوو كارەبا دەكەن .

ئەمەش هەنگاوێكە بۆ بەش بەش بوونی ئیسلامی شیعە گەرا بەسەر جەمسەری جیاجیای سیاسی وەك ئێران , لەبەر ئەوەی دەسەلات بە دەستییانەوە نییە , دوركوتنەوە زیاتر دەبێت .

- بوونی کەمایەتییەکی گەورەی سونی , تا ئیسلام لە ناو سونییەکان سیاسی تر بێت ئەوا دژایەتی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی شیعەگەرا بەهێزترە بێت , هەیئەی عولەمای سونە ڕای گەیاند ئەوان لەگەڵ جیاکردنەوەی ئاینن لە دەوڵەت , ئەمە لە ئەنجامی ترسەوەیە لە شیعەکان , نەک لە عەلمانی بونیانەوە , ئەوان تا سەر ئێسک دژ بە عەلمانییەتن , بونیات گەرا ئیسلامییەکان لە هیندستان لەگەڵ عەلمانییەتن و بەشێکییان لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بە کۆمۆنیستەکان دەدەن , لە کوێ بچەوسێنرێنەوە بانگەوازی عەلمانییەت دەکەن , لەکوێش دەسەڵاتداربن عەلمانییەت خەڵتانی خوێنە کەن . هەروەها لەسایەی ڕمبازێی بە سیاسی کردنی ئاینەوە شەڕی مەزهەبەکان توندتر دەبێت , نموونە پاکستان , ئەفغانستان , بەحرێن , سعودییە , ئەمساڵ ڕۆژی عاشورا سەلماندی ئیسلامی سیاسی شیعەو سونی دوژمنی ژمارە یەکی یەکترن .
-
- بوونی کورد وەک هێزێکی کاریگەر ڕێگرە لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینی , ئەگەر بێت بۆ هەندێك دەسکەوتی کاتی بە تەوافقی عەبدوالعەزیز حەکیم لیستی کوردی لە خشتە ببردرێن , ئەوە گۆڕی خۆیە بە دەستی خۆ , لە هەڵبژاردنی داهاتوو پشتگیری خەڵکی کوردستان لە دەست دەدەن , بەهەمان شێوە پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش , هەرچەندە ئەگەر سەرانی کوردیش لەگەڵ ئیسلامییەکان تەوافق بکەن لەبەر ئەوەی دەنگدان بە نهێنییە لە پەرلەمان باوەڕم وایە زۆربەی پەرلەمانتارانی کورد دەنگ بەو تەوافقە نادەن .
- بوونی کەمایەتی ئاینی , کریستان , یەزیدی , سوبی , کاکەیی , .... ئەمانە قوربانی یەکەمن لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینی , بۆیە بەشێوەی سروشتی دژی دەوەستنەوە.

ئەم هۆیانەو بوونی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراق کە ئامادە نین دەسەڵاتییان تەسلیم کەن , وەك دەبینین لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەگەری لێدانی ئێران زیاتر بووە , ئەمە مانای ئەوەیە لە سەرچاوەوە دەتان کوژێنینەوە بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی شیعەگەرا مەکەنەوە .

هاوکات دەوڵەتێکی ئیسلامی سونیش لە عێراقدا شیاوی جێبەجێ نەبوون و حەتمییە , بەرەو ڕووی هەمان کێشەو گرفت دەبێتەوە . تەنها یەك ڕێگەیەك ماوە ئەویش یەك دەوڵەت و چەند سستەمە وەك نموونەی سودان لە عێراق دوبارە بێتەوە , لە هەندێك ناوچە حوکمی ئیسلامی دامەزرێت بە ڕێککەوتنی ئیسلامگەرا شیعەو سونییەکان . ئەوەش تەمەنی درێژ نابێت , نموونەی مالیزیامان هەیە ئیسلامییەکان لەو 2 ولایەتەی دەسەڵاتدار بون لە دوا هەڵبژاردندا یەکیان لەدەست دا .

### حیزبی شیوعی عێراق و هەڵبژاردن

سەرباری هەمو هەڵەو کەم و کورپیەکانی , ئەوانەی ئێستا و کۆنەکانی , زۆر چین و توێژی کۆمەڵایەتی و نەتەوەو کەمایەتی ئاینی و ڕۆشنبیری , بە تایبەت ژنان و دیموکراسی خوازانی عێراق و گەلی کورد , لە حشع زیاتر دڵییان بە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانە خۆش بوو , لە ڕۆژەکانی پێش هەڵبژاردن ئەنجامە دران , سەرجەمییان شانسێکی باشییان پێی دەدا , هەرچەندە هەژارترین لایەن بوون لە ڕوی مادییەوە , نەیان توانی چەند ڕۆژێك لە یەکێك لە سەتەلایتەکانەوە پروپاگەندەی بانگەشەکەیان بلاو بکەنەوە , تاکە سەرمایەگوزارییان مێژو و قوربانییەکان و دڵسۆزییان بوو , هەڵەکانی حەفتاکانی خۆشییان بە ڕوباری خوێن پاك کردەوە . من باوەڕم ناکرد لەم بارو دۆخەدا بتوانن ئەو ئەنجامانە بهێننەوە کە ڕاپرسییەکان دەیاندا بە دەستەوە , یان ئەو متمانەیەی بە خۆیان هەیانبوو بتوانن 4٪ زیاتر بهێننەوە . هەڵبژاردن ئەنجامدرا و ئەنجامەکان ئاشکرا کرا ئەوەی پێشبینی بوو ناکرا ئەو ئەنجامە بوو بە دەستییان هێنا , ژمارەی دەنگەکانییان کەمتر بوون لە ژمارەی شەهید و قوربانییەکانییان ؟؟. چەند پارتێکی کۆمۆنیستی لە جیهاندا قوربانی ڕوداوەکان بوونە لە مێژوودا, کۆمۆنیستەکان ئەندەنوزیا , شیلی , عێراق , ساندینیستەکانی نیاراگوا , ئەم پارتانە دوژمنەکانییان لە دۆستانییان زیاتر ڕێزییان لیّ دەگرن بەهۆی قەبارەی ئەو قوربانییانەی پێشکەشییان کردوەو ئەو غەدرە گەورەیەی لێیان کراوە , لاپەڕە ڕەشەکانی ئەرشیفی سیای ئەمەریکی شایەدی ئەوەن .

لیستی ئیتحاد شەعب لەو ناوچانەی چووە هەڵبژاردنی شارەوانییەوە تەنها 50000 دەنگی هێنایەوە , بەو دەنگانەی هاندەران و هەندێك ناوچەی کە سەرجەمی دەنگەکانی گەیشتە 69920 دەنگ, 19 دەنگ کەمتر لە لیستەکەی موقتەدا سەدر کە کورسی سێیەمی بردەوە , لەمەشا بەخت یاری نەبوو . بەڵام لە شارەوانییەکان تاکە پارت بوو ژمارەی دەنگەکانی سێ ئەوەندەی لیستی پەرلەمانی بووبێت واتە 150000* دەنگی هێنایەوە , لە کاتێکدا لە شارێکی وەك ناسرییە بەشدار بوانی لیستی پارێزگا 15٪ کەتر بوون لە بەشداربووانی پەرلەمان , لە زۆربەی شارەکان وا بوو , بەشداری دەنگدان بۆ پەرلەمان زیاتر بوو لە بەشداری بۆ ئەنجومەنی شارەکان . هەموو لایەنەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا زیاترییان هێنایەوە تەنها شیوعییەکان لەئەنجومەنی پارێزگاکان , لەهەموو شارەکان باشور بە بەغداشەوە بە دوو نوێنەر و زیاتر سەرکەوتن , بێشك ئەمەش لەوە نەهاتووە هوشیاری هاوڵاتی عێراقی لەسەر هەڵبژاردن گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی شیوعییەکان بۆ خزمەتگوزاری پارێزگاکان باشترینن وەك لە یابان و ئیتاڵیا و نیپاڵ و ... ئەم دیاردەیە باوە . لە کاتێکدا لیستی ئیتحاد شەعب ئەم ئەنجامەی هێنایەوە هاوپەیمانیشی کردبوو لەگەڵ کەس و لایەنی کە, هەموو هێزو توانای خۆی خستبووە گەڕ بۆ سەرکەوتنی ئەو لیستەو کەمترین گرنگی دابوو بە هەڵبژاردنی پارێزگاکان , کە من ئێستاش نەم زانی دروشم و ژمارەی لیستی پارێزگای چەندە و چۆنە , لە کاتێکدا بە بڕوای من ئەوەی دووەمییان گرنگترە , ئەنجومەنی پارێزگاکان شوێنی کارو خزمەتی جەماوەرەو شوێنی سەلماندنی دڵسۆزییە بۆییان , شوێنی تەماسی حیزبە لەگەڵ هاوڵاتییان .

## ئایا حیزبی شیوعی تەنها ئەو جەماوەرەی هەبوو؟؟؟

کوڕێك تەلەفۆنی بۆ دایکی کرد کە کوڕێکی کەی پێشمەرگەی شیوعی بووەو و لە کوردستان شەهید ببوو , پرسیاری ئەوەی لێکردبوو , ئایا لە هەڵبژاردن  دەنگی بەکێ داوە ؟؟. لە وەڵامدا دایکە وتبووی دەنگی  بە لیستی **169** داوە . کوڕەکەی لێی توڕە ببوو , ووتبووی بۆ دایکە گیان ئەی خوێنی کوڕەکەت ؟؟ . لە وەڵامدا دایکەی جەرگ سوتاو  وەڵامی ئاوا بوو: ئاخر ووتیان دەنگ بۆ ئەم لیستە نەدەیت حەجەکەت قەبوڵ نییە ! ! .

ئەمە نموونەیەکە لە دەیان هەزار نموونەی کە . ڕۆژەکانی پێش هەڵبژاردن فتوای تەکفیری شوعییەکان کە زیاتر لە چوار دەیەو نییو لەمەوپێش دەرکراوەو هێشتا بە خەوتویی هەڵگیراوە  بە دەماو دەم زیندوو کراوەیەوە , بە مزگەوتەکانا گڕ درا . ئەو ئەنجامەی **4** ئایاری ساڵی پێشوو لە هەڵبژاردنی شارەوانی شارۆچکەی شەترە حشع بەدەستی هێنا , گەلێك زیاتر بوو لەو ئەنجامەی ئەمجارە بۆ هەموو عێراق لە پەرلەمان هێنایەوە , ئەوانەی دەنگییان بۆ لیستی یەکگرتوو دا بەشێکییان وەك چارەسەری مام ناوەندی بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ شیوعی دەنگییان دا , سەرباری ئەوانەی لەبەر فتواکەی سیستانی دەنگییان بە هیچ یەکێك لە لیستەکان نەداو ئەو ڕۆژە لە ماڵەکانییان دەرنەچونە دەرێ , نەیان ویست نە بە ئاگری جەهەنەم بسوتێن , لە لێپرسینەوەی قیامەت خۆ بپارێزن وەك کوڕەکەی سیستانی بانگەشەی بۆکرد , نە دەنگیش بە لایەنێك بدەن کە نایانەوێت .
ساختەکاریش لە دەنگدان بە ئاستێك بوو ژمارەی دەنگە درۆیینەکان کەمتر نەبوو لە دەنگە ڕاستییەکان .

*****ئەنیس ئەمیر –حیوار تمدن–(**19–2–2005**) .